
# ئەو شیعرەی کە لە ڕەگەوە دەئێشێت

**مەریەم جۆشکونجا**
**(تورکیا)**
**لە تورکییەوە: عەبدولخالیق عیسا، تیپگۆڕین و کردنی بە کرمانجیی ناوەند: ناسح حوسێن سلێمان**



بە دەستەکانت ڕووناکی هەڵگرە،
هەبوونی درێژی من هەستیار بکە،
ئەوەی هەیە، گوترا.
ئەوەی نییە، خەونێکی گەورەیە،
وەکوو برینێک کە قەت لێی نەبێتەوە،
لەسەر چەرمەکەم تەشەنە دەکات.
لەسەر چۆکەکانت
بیردانێک چێ کە،
لە ئەستۆی گیراومدا بە سەرسوڕمانەوە، بڵێ ئەمەن.
پاش نووسینی هەڵبەستێکم بە فرمێسک،
لە پێنج پەنجەی بەرەو بۆشایی بڵاوبوونەوەی ئەوێدا.

گوێ لە ڕووناکی بگرە،
ئەو ڕووناکییەی کە سێبەرەکەی لە ناومدا
دەئێشێت،
خۆت بخە ناو لەپی دەستم،
مردنێکم پێ ببەخشە،
بە ئازار و ژان،
بەرەو لایەکەی دی،
ڕزگاربوونی ئەڤینە کاتێک لەسەر زەویدا
ڕادەکشێت...

مۆسیقا، ئەڤین، خەو و مەی،
بە وردەچرپە،
ژانی ناخم،
لە قوژبنێکدا،
تەنیا دەکەوێتە ئامێزی تۆ،
ئەوانەی تەنیا دەبیسترێن،
ئەوە دەنگی مردنە، لە ڕیزی ڕەشی مردندا،
من یەکێکم لە دەنگی ئەو زەنگوڵەی مردنە،
تەنیا وتم: ئاوا دەتوانم.

*** ئەم شیعرەی خاتوو مەریەم جۆشکونجا بڕیار بوو لە بەیانییەکەی ڕۆژی ٢٠٢٤/١٢/١٩، لە دووەمین فیستیڤاڵی (ڕامان)دا بیخوێنێتەوە، بەڵام لە فڕۆکەخانە گرفتی بۆ هاتەپێش و نەیتوانی ئامادە بێت.. (ڕامان)**